


یاریزانێکی کۆنی ریال مەدرید یاریزانانی شاهانە بە "مافیا" ناودەبات..

# "رائوول 3 جاری دیکە لەدایک بێتەوە ناگاتە رۆناڵدۆ"

رووداوی وەرزشی - CNBC

سیسـینهۆ، یاریزانی بەرازیلی، کە پێشتر یاری بـۆ یانـەی ریال مەدریدی ئیسـپانی کـردووە، لە لێدوانێکـدا بۆ کەناڵـی ESPNی جیهانی، ئابروی یاریزانە ئیسپانییەکانی ریال مەدرید دەبات و دەڵێت «ئەوان لەسـەرەوە خۆیان بە کەسی باش نیشان دەداو لەژێرەوە دوژمنی هەموو کەس بوون».

سیسـینهۆ، باسی وەرزی 2006 ـ 2007ی ریال مەدرید دەکات، کە ئەوکات فابیۆ کاپێلۆی ئیتاڵی راهێنەری یانەکە بوو، «رائوول، کاسیاس، هێلگێرا، سـەلگادۆ و گووتـی کوتلەیەکیـان پێکهێنابوو بۆ دژایەتیکردنی هەر یاریزانێک کە ئیسـپانی نەبێت، ئەوان خۆیان وا نیشـاندەدا کە پیاوی باشن، بەڵام لە راستیدا وانەبوون». هەروەها دەشڵێت «ئەوان سەرۆکی مافیا بوون، راگەیاندن و پەیوەندییەکانیان بەکاردەهێنا، هەر کەسـێ لە قسەیان دەرچووبا بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکرد».

سیسـینهۆ، پێیوایـە رائـوول لـە هەموویـان خراپتر بوو، راگەیاندن و ئیدارەی ریال مەدریدیش پشتیوانی تەواوی بوون «لەبیرمە شەوێک رۆناڵدۆی بەرازیلی باش یاری نەکرد، بۆ بەیانییەکەی هەموو راگەیاندنـی ئیسـپانیا بە فەرمانـی رائوول هێرشـیان کردە سـەر رۆناڵدۆ و گوتیان پێویسـتە رائوول ببێتەوە هێرشبەری سەرەکی ریال مەدرید، کە لە راستیدا ئەگەر رائوول 3 جاری دیکە لەدایکی خـۆی ببێتـەوە ناگاتـە ئاسـتی رۆناڵدۆ».


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (409) سێشەممە 2016/7/26 4ی خەرمانان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



ناکۆکییەکی شاراوە لەنێو ریزەکانی سێکوچکەی بارسادا سەریهەڵداوە..

# شەڕی MSN

"ئەگەر رکابەری نێوان 3 باڵەکەی MSN بچێتە دەرەوەی یاریگە دەرئەنجامەکانی مەترسیدار دەبن"



رۆناڵدۆش وەک مێسی سیفەتی سەرکردەی نییە



4

"پۆگبا، تۆتی و بۆفۆن نییە لەبەر یانەکەی قوربانی بە 5 ملیۆن یۆرۆ بدات"




5

داعشەکانی بەرازیل چاوەڕێی هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لە ئەبوبەکر بەغدادی دەکەن



6



ریال لە ئیسپانیا دەدۆڕێت، مامۆستا لە سۆران جەڵتە لێیدەدات

2

KOREK

رووداو وەرزشی

ژمارە (409)

سێشەممە 2016/7/26



## رووداو یاریدەکات

لە درێژەی یارییە دۆستانەکانیدا، تیپی تۆپی پێی (تۆڕی میدیایی رووداو) رووبەڕووی تیپی تۆپی پێی رۆژنامەنووسە وەرزشییەکانی هەولێر دەبێتەوە. یارییەکە رۆژی چوارشەممە 2016/7/27، کاژێر 6ی ئێوارە لەسەر یاریگەی فریزی بەحرکە لە ناحیەی بەحرکە ئەنجام دەدرێت. پێشبینی دەکرێت یارییەکی بەهێز بێت و ژمارەیەکی زۆری هاندەران ئامادەی بینینی ببن، بەو پێیەی دوو تیپی بەهێزن و بەردەوام یاری دۆستانە لەگەڵ تیپەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان دەکەن و لە زۆربەی یارییەکانیشیاندا سەرکەوتن بەدەست دێنن.

مەدریدییەکان لە ئیسپانیا دەدۆڕێن، مامۆستا لە سۆران باجەکەی دەدات..

# لە خەمی ریال 2 جار جەڵتە لێیداوە



مەهدی محەممەد رواندزی
رووداوی وەرزشی - سۆران



لەوانیە دیوارەکانی بەردەم ماڵی بەرپرسەکانی ئـەم هەرێمە، بەقـەد دیوارە چەند مەترییەکەی بەردەم ماڵی مامۆستا ئەمیر، ئەو هەموو دروشم و نووسینە جۆربەجۆرانەی لێ نەنووسرێ، ئاخر لەهەر یارییەک یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی تووشی شکست ببێت، باجە گەورەکە، مامۆستا ئەمیر دەیدات.

لە کاتی شکستی ریال لە هەمبەر بارسا بەردەم ماڵی مامۆستا ئەمیر دەبێتە جێگای دەربڕینی خۆشحاڵی هاندەرانی بارسا، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ناوچەکە پڕدەکات و هەڵپەڕکێی هاندەرانی بارسا و کەژاوەی ئۆتۆمبێلەکانیان شەقامەکان دادەخەن، بۆ رۆژی پاشتر دیواری ئەو قوتابخانەیەی دەکەوێتە بەردەم ماڵی مامۆستا ئەمیر، وەک تەختە رەشەی قوتابخانەکە لەلایەن هاندەرانی بارسا بە دروشمی جۆراوجۆر و ستایشکردنی بارسیلۆنا لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر بۆ مامۆستا دەرازێننەوە، مامۆستاش وەک هەمووجارێ لەسەر گیرفانی خۆی دروشمەکان دەسڕێتەوەو دیوارەکە بۆیاخ دەکاتەوە.

ئەمیر عەبدولا، 46 ساڵ، وەک هاندەرێکی سەرسەختی ریال مەدرید ناسراوە لە سۆران، ئەو لە قسەکردن زۆر ئارام و لەسەرخۆیە و هەروەک خۆی بۆ (رووداوی وەرزشی) قسە دەکات،

**مامۆستا ئەمیر: هەر کاتێ مێسی گوڵی لە ریال مەدرید کردبێ لە هۆش خۆم چووم**

**«دایکی مامۆستا هەمیشە لە حەج و عومرەکانیدا دوعا بۆ بردنەوەی ریال مەدرید دەکات»**

**«لەوانەیە مامۆستا ئەمیر یەکەم هاندەری ریال مەدرید بێت لە جیهاندا کە مێسی لە رۆناڵدۆی خۆشتر بوێت»**

دەڵێت «هیچ شتێک تووڕە و نیگەرانم ناکات، جگە لە دۆڕانی ریال مەرید». هەر کەسێک بە خراپە باس لە یانەی ریال مەدرید بکات، پاڵەپەستۆی خوێنی مامۆستا ئەمیر 100 لە 100 فوول دەبێ، هاندەرە سەرسەختەکەی ریال مەدرید، دانیشتووی شارۆچکەی دیانایە لە قەزای سۆران و بەرپرسی بەشی خۆیەتی بنەڕەتییە لە پەروەردەی سۆران، ئەو پێشتر یاریزانی تۆپی پێ بووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەک کە تووشی دەبێ بەناچاری واز لە یاریکردن دەهێنێت.

ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانی مامۆستا ئەمیر ئەو کاتانەیە کە ریال مەدرید لە یاری کلاسیکۆ لە بەرامبەر بارسیلۆنادا تووشی شکست دێت، ئەو زیاتر لە 16 ساڵە هاندەری ریال مەدریدە، بەڵام هەروەک خۆی باسی دەکات، ریال هیچ خێری بۆ ئەو نەبووە جگە لە تێکچوونی باری تەندروستی و دەروونی ئەو، دووجاریش لە خەمی ریال مەدرید تووشی لێدانی جەڵتە بووە، بۆیە دەڵێت «دۆڕانی ریال مەدرید لە یاری کلاسیکۆدا، بۆ من وەک مردن و ژیانەوە وایە، هەر کاتێک ریال دۆڕابێ لە هۆش خۆم چوومەو 2 جاریش جەڵتە لێیداوم و بۆ ماوەی دوو رۆژیش لەبەر هاندەرانی بارسا نابێ بچمە دەرەوە».

تێکچوونی باری دەروونی و تەندروستی مامۆستا ئەمیر لە کاتی بینینی یارییەکاندا، دایکی ناچار دەکات کاتێ دەچێت بۆ عومرە، لە خودا بپاڕێتەوە کە هەموو کات تیپە سپی پۆشەکەی مامۆستا ئەمیر سەربکەوێت و کوڕەکەشی لەو دەردەسەرییە نەجاتی بێت. هەروەها برا و مامی مامۆستا ئەمیر لە ترسی لێدانەوەی جەڵتە چەند رۆژێکیان تەرخانکردووە بۆ گەڕان لەنێو بازاڕ و بە خەڵکیان گوتووە «واز لە ئەمیر بهێنن، چونکە تەندروستی باش نییە و چیدی تووڕەی مەکەن».

مامۆستا ئەمیر هەروەک خۆی بۆ (رووداوی وەرزشی) باسی دەکات، هاندەربوونی بۆ ریال زیانی زۆری پێگەیاندووە، بەڵام ئەوەش دەڵێت تاوەکو خودا تەمەن بدات هاندەری ریال مەدرید دەبێت «ریال مەدرید لەگەڵ خوێنم تێکەڵ بووە، ریال یانەی ئەستێرەکانە و لە ناخەوە خۆشم دەوێت، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانم ئاوا بە ئاسانی واز لەو یانەیە بهێنم».

بەڵام جێگای سەرسوڕمانە، کەسێک هاندەری ریال مەدرید بێت و مێسیشی لە کریستیانۆ خۆشتر بووێت، مامۆستا ئەمیر بەو شێوەیە باس لەخۆشەویستی خۆی دەکات بۆ مێسی و دەڵێت «بەدەست خۆم نییە، زۆر سەرسامم بە کەسایەتی مێسی و بەردەوام سەیری یارییەکانی دەکەم، ئەو یاریزانێکی گەورەیە». ئەمیر حەز دەکات لە هەموو یارییەک مێسی گوڵ تۆمار بکات، تەنیا لە ریال مەدرید نەبێ، ئەو دەڵێت «هەر کاتێ مێسی گوڵی لە ریال مەدرید تۆمار کردبێ، لە هۆش خۆم چوومەو سەیرکردنی یارییەکەم لەدەستچووە».

مامۆستا ئەمیر، ناخوازێ لەنێوان رۆناڵدۆ و مێسی باشترینیان هەڵبژێرێت. ئەو پێیوایە هەردووکیان دوو یاریزانی گەورەو خاوەن ئەزموونی باشن، بەڵام دەشڵێت «مێسم خۆشتر دەوێت لە کریستیانۆ».

لەنێو خێزانەکەی مامۆستا ئەمیریش فیفتی بە فیفتی هەیە، مامۆستا و کوڕە گەورەی هاندەری ریال و هاوسەر و کوڕە بچووکەکەیشی هاندەری بارسان، بەڵام بەلای هاوسەرەکەیەوە تەندروستی مامۆستا گرنگترە لە بەردنەوەی بارسا، ئەو دەڵێت «لەبەر تەندروستی مامۆستا وازمان لە خۆشی دەربڕین بۆ بارسا هێناوە»، هەروەها دەشڵێت «خەمی گەورەمان ئەو کاتەیە کە بارسا و ریال رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە، دەبێ تا کۆتایی یارییەکە من و دایکی لەلای مامۆستا دابنیشین و چاودێری بکەین، نەوەک ئەنجامی یارییەکە لە بەرژەوەندی ئەو نەبێ و لە هۆش خۆی بچێت».

مامۆستا ئەمیر ئەوەندە شتی خۆش و ناخۆشی تووش بووە، گەر هەموویان کۆبکەیتەوە رۆمانێکی لێ چاپ دەکرێت، ماڵەکەی مامۆستا وەک نوێنەرایەتی ریال مەدریدی لێهاتووە لە سۆران، ئەوکاتەی ریال لە لوتکە بووە، مامۆستا ئاڵا و ئارمی ریالی لەسەر بانەکەی هەڵکردووە. شەوانی کلاسیکۆ بەشێکی زۆری هاندەرانی بارسا دەچنە ماڵی مامۆستا ئەمیر بۆ سەیرکردنی یاری، بەڵام هەندێجار دەرکردن دەبێتە بەشی ئەو هاندەرانە «هاندەرانی بارسا زۆر بێ رووحمانە دژایەتی من دەکەن و بەردەوام هەوڵدەدەن تووڕەم بکەن، ئەو شەوانەی کلاسیکۆ هەیە تەنیا بۆ تووڕەکردنی من دێنە لام، باوەڕ بکە برادەر هەیە شەقی منی بەرکەوتووەو زۆریش لەوانم لە ماڵەوە دەرکردووە کاتێ ویستوویانە خۆشی دەربڕن لە کاتی بردنەوەی بارسا، لە ماڵی ئێمە یاسایەک هەیە نابێ هیچ کەس خۆشی دەرببڕێت جگە لە هاندەرانی ریال مەدرید، هاوسەر و کوڕە بچووکەکەم هاندەرەی بارسان، کاتێ بارسا براوە دەبێ بۆیان نییە خۆشی دەرببڕن». مامۆستا باس لەوەش دەکات کە ئێستا بەهۆی وەستانی خولەکانی ئیسپانیا و ئەوروپا ئیسراحەتی کردووەو رەوشی تەندروستی و دەروونی زۆر باشە.

لە کۆتاییدا مامۆستا ئەمیر دەڵێت «بردنەوەکانی ریال خۆشترین و دۆڕانەکانیشی ناخۆشترین بیرەوەرییەکانی منن لە ژیاندا».



پاڵەوانێکی هەولێر لەسەر گیرفانی خۆی بەشداری لە پاڵەوانیەتی عێراق دەکات..

# کەریم هاشم: بە قەرزی برادەران بەشداری دەکەم

**«دەبێ ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و بەناوی هەولێر و کوردستان بەشداری لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەم»**

کارزان کانەبی
رووداوی وەرزشی - هەولێر

کەریم هاشم، یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی وەرزشیی هەولێر، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «لەسەر گیرفانی خۆم بەشداری لە پاڵەوانیەتی عێراق دەکەم و هیچ کەسێک هاوکاری نەکردووم».

قەیرانی دارایی رۆژ بە رۆژ سەختر دەبێتەوەو وەرزش و وەرزشکاران بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام هەندێک لە وەرزشکاران نایانەوێ لەبەردەم قەیرانەکەدا خۆیان بەدەستەوە بدەن، کە کەریم هاشمی یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەی هەولێر نموونەیەکیانە.

بڕیارە رۆژی 2016/7/28 لە شاری بەغداد پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق بەڕێوەبچێت، کەریم هاشمی یاریزانی یانەی هەولێریش لەپێناو گەیشتن بە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق لەسەر گیرفانی خۆی بەشداری دەکات. لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی عێراق ئامادەکاری باشم کردووە». هەروەها گوتیشی «لەبەرئەوەی ئامانجی من چوونە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراقەو بەپێی ئاست و ئەنجامەکانی ئەم پاڵەوانیەتییە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان دەکرێن، بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی عەرەبی، رۆژئاوایی ئاسیا و جامی عەرەب و پاڵەوانیەتی تەزاموون، من سوورم لەسەر بەشداریکردن، چونکە دەمەوێ ببمە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و بەناوی یانەی هەولێر و کوردستان بەشداری لەو خول پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتیانە بکەم».

ئەو یاریزانەی بەرزکردنەوەی قورسایی، کە لە پاڵەوانیەتییەکاندا لە کێشی 85 کیلۆگرام بەشداری دەکات، باس لەوە دەکات کە لە رووی باری داراییەوە زۆر خراپەو دەڵێت «بۆ خۆم پارەی خۆم پەیداکردووەو لەسەر گیرفانی خۆم بەشداری دەکەم، یەک کەس هاوکاری نەکردوومە، بۆ خۆم بە قەرد و فەردی برا و هاوڕێیانم پارەم کۆکردووەتەوە، ئەوە چەندینجارە پارە لە خەڵک قەرز دەکەم».

دوو تیپ دروست دەکات..

# برایەتی بەڵێنی پێدراوە

**«یەکێتی تۆپی پێی عێراق بەڵێنی پێداوین 100 % بمانباتە خولی نایابی عێراق»**

کارزان کانەبی
رووداوی وەرزشی - هەولێر

سکرتێری یانەی وەرزشیی برایەتی، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند سەرەڕای سەرنەکەوتنیان لە پاڵاوتنەکاندا، یەکێتی تۆپی پێی عێراق بەڵێنی پێداون بۆ خولی نایابی عێراق سەریان بخات و گوتی «ئێمە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی عێراق و کوردستان دوو تیپی جیاواز دروست دەکەین».

یانەی برایەتی نەیتوانی لە چوارگۆشەی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراق سەرکەوێت و بە 3 خاڵ گەڕایەوە پایەتەختی کوردستان، بەڵام وەک بەرپرسانی ئەو یانەیە بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکرایانکرد، لە نێو یاریگەدا لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی عێراقەوە بەڵێنی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی عێراقی پێدراوە، بەرپرسانی یانەکەش بەنووسراوی فەرمی رەزامەندیان نیشانداوە بۆ ئەوەی بەشداری خولی عێراق بکەن و تەنانەت دەڵێن «یانەکەمان توانای کێبرکێی یانە گەورەکانیشی هەیە».

بەشدار سەربەست، سکرتێری یانەی وەرزشیی برایەتی، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هەرچەندە ئامادەکارییەکانمان کەم بوون، بەڵام بە یاریزانانی کوردی خۆمان بەشداربووین و توانیمان ئاستێکی باش پێشکەش بکەین، بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین کە بۆ خولی نایابی عێراق سەرکەوین». هەروەها گوتیشی «لەلایەن بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقەوە 100 % بەڵێنمان پێدراوە سەرمان بخەن بۆ خولی نایابی عێراق».

لەبارەی ئامادەکارییەکان بۆ هەردوو خولی کوردستان و عێراق، بەشدار سەربەست، گوتی «بەرنامەی تۆکمەمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین بە باشی ئامادەکاری بکەین بۆ هەردوو خول، دوو تیپ دروست دەکەین و بە یاریزانانی جیاواز بەشداری هەردوو خولەکە دەکەین، نامانەوێ هەر تەنیا بەشدار بین ئەنجامی باشیشمان دەبێت». هەروەها گوتیشی «لە رووی داراییشەوە بەڵێنی هاوکاریمان پێدراوە لەلایەن حزب و دڵسۆزانی یانەکەوە».





بۆ یەکەمجارە لە کوردستان روودەدات..

# پیشەگەری بیانی بەشداری لە خولی تیپە میللییەکاندا دەکات

پێشەوا بەختیار
رووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ

لە پێشهاتێکی نوێدا خولێکی تۆپی پێ بۆ تیپە میللییەکانی سەرانسەری کوردستان، بەناوی شەهیدێکی شەڕی داعش دەکرێتەوەو یاریزانانی یانەکانی کوردستان و تەنانەت یاریزانانی پیشەگەری بیانیش بەشداری تێدا دەکەن، کە ئەمە جاری یەکەمە لە کوردستان روودەدات.

لە ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، خولێکی تۆپی پێی تیپە میللییەکان بە ناوی خولی شەهید سەرەباوە، کە یەکێکە لە پێشمەرگە شەهیدەکانی شەڕی داعش، کرایەوەو 32 تیپی میللی لە پارێزگەکانی کەرکووک، سلێمانی، هەولێر و هەڵەبجەی شەهید، بە سەرجەم قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری ئەو پارێزگایانە بەشداری تێدا دەکەن و بە گەورەترین خولی تۆپی پێی تیپە میللییەکان دادەنرێت لە کوردستاندا. وەک سەرپەرشتیارانی خولەکە بە (رووداوی وەرزشی) یان گوت «تیپە میللییەکانی پارێزگای دهۆکیش بەهۆی دووری رێگا نەیانتوانی بەشداری لە خولەکەدا بکەن».

بەختیار عەول، سەرپەرشتیاری خولەکە لەبارەی ئەم خولەوە گوتی «بێگومان مەبەستی ئێمە لە کردنەوەی ئەو خولە گەورەیە پەرەپێدانە بە ئاستی تیپە میللییەکان، کە هەمیشە دروستکەری یاریزانی بەتوانان بۆ یانەکان، هەروەها ئاوڕدانەوەو وەفایەکە بۆ خەبات و تێکۆشانی شەهید».

خولەکە لەلایەن هیچ کەس و لایەنەکەوە پشتگیری ماددی ناکرێت، تێچووی خولەکە لەلایەن خودی سەرپەرشتیارانی خولەکەوە دابینکراوە، وەک بەختیار عەول دەڵێت «کێشەکان زۆرن، لەوانەش تەنیا یاریگەیەکمان هەیە بۆ ئەوەی یارییەکان تێیدا بەڕێوەبچن، ئەمەش ماوەی بەڕێوەچوونی خولەکە درێژ دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خولێکی جیاوازە، بەو پێیەی یاریزانانی کورد، عەرەب، تورکمان و تەنانەت یاریزانی پیشەگەری بیانیش بەشداری تێدا دەکەن». هەروەها گوتیشی «زۆر لە یاریزانەکانی بەشداربوو یاریزانی یانەکانی پلە یەک و نایابی کوردستانن، تەنانەت یاریزانێکی پیشەگەری نایجیریش بەناوی سەندەی بەشداری لە خولەکەدا دەکات».

لەبارەی گرنگی ئەم جۆرە خولانە، سەنگەر بیلال، شارەزای بواری وەرزش، گوتی «ئەم خولە لە خولەکانی دیکە جیاوازترە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی بەهێزی لەنێوان تیپە میللییەکانی شارەکاندا دروستکردووە». هۆشمەندی راهێنەری تیپی وریای شاری کەرکووکیش، گوتی «وەرزشدۆستان بەجیاوازتر سەیری ئەم خولە دەکەن و دەخوازن خولی لەم جۆرە زیاد بکرێن».

هەروەها هاوکار لەتیف، یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستانیش، کە یەکێکە لە بەشداربووانی خولەکە، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من وەک رێزلێنانێک بۆ شەهیدانی کوردستان بەشداریم لەم خولەدا کردووە، هەروەها هەموو رۆژێکیش وەک ناوبژیوانی چوارەم هاوکاری رێکخەرانی خولەکە دەکەم».

حەسەن لەتیف، ناوبژیوانی خولەکەش، گوتی «ئەم خولە پڕە لە واتای نیشتیمانیی و نەتەوەیی و رێزگرتن لە قوربانیدانی پێشمەرگە. ئەم خولە پەیامی (نامرین ئەی دوژمن) و پەیامی (هەموو شتێ پارە نییە)ی هەڵگرتووە».

لە کۆتاییدا رێبوار مستەفا، بەناوی بنەماڵەی شەهید و رێکخەرانی خولەکە سوپاسی (رووداوی وەرزشی) کرد و گوتی «سوپاس بۆ رووداو، کە هەمیشە پەیامی پێشمەرگە دەگەیەنێت».



**لەشڕێکە**

کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری نوێی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، لە مەشقەکانی یانەکەیدا باڤارییەکانی تووشی سەرسوڕمان کرد، بەهۆی ئەو لەشـڕێکییەی هەیەتی، بەڵام لە راســتیدا ئەوە بۆ راهێنەرێکی وەک ئەنچیلۆتی کارێکی سەرسوڕهێنەر نییە، بەهۆی ئەوەی کە زۆر بایەخ بە لەشڕێکی و تەندروستی خۆی دەدات و هەمیشە لە کاتی سەرپەرشتیکردنی یەکەکانی مەشقەکانی یانەکەیدا، لەگەڵ یاریزانەکانی مەشقە وەرزشییەکان دەکات، بۆیە کارلیتۆ بەپێچەوانەی زۆر لە راهێنەرانی دیکە هەمیشە لەشڕێک دیارە .

## سەردەمی هەڵەکانی ئەنچیلۆتی و بنیتێز بەسەرچوو..

# ریال مەدرید کێشەی پێکانەکانی نامێنێت



**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئەنتۆنیۆ بینتۆس، راهێنەری نوێی توانای جەستەیی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، زەینەدین زێدانی راهێنەر و هەموو یاریزانانی یانەی شاهانەی تووشی سەرسـورمان کردووە لـەو کارەی دەیکات، و ئیدارەی یانەکە دڵنیایە بەهۆی ئەو پیاوە کێشەی پێکانەکانی یاریزانان کە چەندین ساڵە یاریزانانی ئەو یانەیە بەدەستییەوە دەناڵێنن نامێنێت.

### بینتۆس کێیە؟

ئەنتۆنیۆ بینتۆس، تەمەنی 53 ساڵە، ئیتاڵییە، راهێنەری توانای جەستەیی یانەی لیۆنی فەرەنسـی بوو، زەینەدین زێدان سـووربوو لەسـەر هێنانی، کە پێشـتر راهێنەری زێدان بووە، فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی شاهانەش زۆر ماندوو بوو تاوەکو توانی بەرپرسانی یانەی لیۆن رازی بکات دەستبەرداری بن. بەڵام وادیارە مکوڕی زێدان پاساوی خۆی هەبووەو پارەو ماندووبوونەکانی پیرێزیـش بەخۆڕایـی ناچن، چونکە هەر لە یەکەم یەکەی مەشـقیدا زۆربەی یاریزانانـی ریـال مەدریـد بـە کارەکانـی ئـەو سەرسـامبوون. لەو بـارەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە گوتی «لە گەشتەکەی کەنەدا سەرەڕای ئەوەی یاریزانان 5800 کیلۆمەتریان بڕیبوو، لە یەکەم مەشـقیاندا لەگەڵ بینتۆس هەسـتیان کـرد زوو ماندووبوونیان ڕۆیشتووە».

### سەرۆک سەرسامە

بەپێی سەرچاوەکانی نزیک لە یانـەی ریال مەدرید، خودی فلۆرەنتینـۆ پیرێـزی سـەرۆکی یانەکـە زۆر دڵخۆشـە بـە هێنانـی ئەنتۆنیۆ بینتـۆس و تەنانەت پێیوایە گرێبەسـتی ئـەو گرنگتریـن گرێبەسـتی ئەمساڵی ریال مەدرید دەبێت. پیرێز کە دوای یەکەم مەشـقی لەگلە یاریزانانی ریال مەدرید، ماوەیەکـی درێژ قسـەی لەگلە بینتـۆس کردووە، لەبـارەی ئەو پیـاوەوە دەڵێـت «کارەکانی بینتۆس جێگەی سەرسورشمانن، هەرچەندە بەرنامەی مەشقەکانی زۆر چڕ و پڕ و ماندووکەرن، بەڵام هەموو یاریزانان لێی رازین و هەسـت بـە ماندووبوونی جاران ناکەن، بەڕاسـتی بینتۆس گەورەترین دەستکەوتی ئەمساڵی ریال مەدریدە».

### سەردەمی هەڵەکانی ئەنچیلۆتی و بنیتێز بەسەرچوو

هەموو ساڵێک لە سەرەتای وەرزدا هەست بە ماندووبوونی یاریزانانـی ریـال مەدرید دەکرێت، کاتێکیـش راهێنەران مەشـقێکی چڕیـان پێدەکەن، لە کۆتایی وەرزیشـدا زۆر مانـدوو دەبـن و بـەو هۆیـەوە زۆر خاڵ لەدەسـتدەدەن. کە بە ئاشکرا ئەوە لە سـەردەمی هـەردوو راهێنەر کارلـۆ ئەنچیلۆتـی و رافا بنیتێز بینرا. بۆیە زێدان زۆر دڵخۆشە بە هاتنی ئەنتۆنیۆ بینتۆس، چونکە پێیوایە ئەو پیاوە هاوکاری خۆی و یاریزانانی دەدات بۆ ئەوەی لەو مەینەتییە رزگاریان بێت و ئیدی سەردەمی هەڵکانی ئەنچیلۆتی و بنیتێز بەسەربچێت».

### بنزیمە باشترینە

وادیارە کەریم بنزیمەی هێرشبەری فەرەنسی زۆرترین سوودی لەو پشووە درێژە وەرگرتووە کە ئەمساڵ بەهۆی بانگهێشت نەکردنی لەلایەن هەڵبژاردەی فەرەنسـاوە بۆ بەشـداریکردن لە یۆرۆی 2016 دەستیکەوتووە، کە لەوەتەی لە ساڵی 2009 وە پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدریدەوە کردووە، ئەوەندە پشووی وەرنەگرتووە، بۆیە لە تاقیکردنەوەکانی توانای جەستەییدا بنزیمە بە باشترین یاریزانی ریال مەدرید دەرچوو، هەر ئەوەش وای لە زەینەدین زێدانی راهێنەر کرد بڵێت «بنزیمە هەمیشە جێگەی متمانەمە، گەڕاندنەوەی مۆراتا بۆ ریزەکانی ریال مەدرید هەرگیز مانای ئەوە نییە کە متمانەم بە بنزیمە نییە، بەڵام هەمیشە ریال مەدرید پێویستی بە زۆر یاریزانی بەتوانا هەیە».

**«پیاوە ئیتاڵییەکە ریال مەدرید لە کێشەی پێکانی زۆر رزگار دەکات»**

## رکابەری نێوان 3 باڵەکە خەریکە دەچێتە دەرەوەی یاریگە..

# شەڕێکی شاراوە لەنێو ریزەکانی MSNدا

**ئا: ئیحسان تاهیر**

چەند سـەرچاوەیەکی هەواڵ لە ئیسپانیا، رایانگەیاند»شەڕێکی شـاراوە لەنێو ریزەکانی سـێکوچکەی MSNی یانەی بارسێلۆنای کەتالۆنیدا سـەریهەڵداوە» . شـارەزا و چاودێرانیش دەڵێن «ئەگەر رکابـەری نێـوان 3 باڵەکـەی MSN بچێتـە دەرەوەی یاریگـە، ئاماژەیەکی خراپ دەبێت بۆ یانەی بارسا و خودی یاریزانەکانیش» .

لەگـەڵ نزیکبوونەوەی دەسـتپێکی وەرزی نوێـی خولی تۆپی پێی ئیسـپانیا، یانەی بارسێلۆنای هەڵگری نازناوەکە بارودۆخێکی نائاسایی بەخۆیەوە دەبینێت، کە زوو زوو ئەو یانەیە نوێکردنەوەی گرێبەسـتی یاریزانێک رادەگەینێت. بـەڵام هەندێک لە چاودێران بە دیدێکی نێگەتیڤانەوە سەیری ئەو بارودۆخە دەکەن و ئەو هەواڵانە پشتڕاست دەکەنەوە کە باس لە بوونی شەڕێکی شاراوە لەنێو هەرسێ یاریزانەکەی سێکوچکەی MSN (لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی، نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی و لویس سوارێزی ئۆرۆگوایی) دەکەن.

### سەرەتای کێشەکە

پێشتر چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە دوای نوێکردنەوەی گرێبەسـتی نەیمار دا سـیلڤا، نیگەرانی لای لیۆنێل مێسـی و لویس سـوارێز دروسـتبووە، چونکە ئەوانەش دەیانەوێ گرێبەسـتەکانیان نوێ بکرێنەوەو مووچەکانیان بەرز بکەنەوە. لەو بـارەوە هەندێک لە رۆژنامەکانی ئیسـاپانیا باس لـەوە دەکەن کە خەریکە رکابەری نێوان 3 باڵەکەی MSN لەناو یاریگەوە دەردەچێت بۆ دەرەوەی یاریگەو نووسـیویانە «ئێسـتا هەریـەک لەوانە زیاتر بیـر لە مووچەی خۆیـان دەکەنـەوە، هەر یەکێکیـان هەوڵدەدات و فشـار دەخاتە سـەر ئیدارەی بارسـا بۆ ئەوەی زۆرترین مووچە بەدەسـتبێنێت، کـە بێگومان ئەمـەش ئاماژەیەکی مەترسـیدارەو لەوانەیە ئەنجام و دەرهاوێشتەکانی بۆ ئیدارەی یانەکە باش نەبن». هەروەها نووسـیویانە «لە دوو سـاڵی رابردوودا 3 باڵەکەی MSN تەنیـا بیریان لەنێو یاریگەو لـە یاریکردن و بردنەوە لە رکابەرانیان دەکـردەوە، بـەڵام وادیـارە لەمـەودوا زیاتر بیر لـە مووچەکانیان دەکەنەوە».

### لیۆ 26 ملیۆنی دەوێت

سـەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی کەتالۆنی باس لەوە دەکات کە لەوەتـەی ئیدارەی بارسـا مووچەی نەیمـاری کردووەتە 24 ملیۆن یۆرۆ، کێشـەکان سـەریان هەڵداوە، بەتایبەتیش لەلایەن لیۆنێل مێسییەوە، چونکە ئەو یاریزانە کە ماوەی گرێبەسـتەکەی لە حوزەیرانی 2018 کۆتایی پێدێت، بەندێکی لە گرێبەسـتەکەیدا هەیە، کە بەهۆیەوە بۆ هیچ یاریزانێکی بارسا نییە مووچەی زیاتر لە مێسی وەربگرێـت و بەندەکە بەمشـێوەیە نووسـراوە «پێویستە مێسی هەمیشە خاوەن بەرزترین مووچـە بێت لەنێـو سـەرجەم یاریزانانی تیپـی بارسـێلۆنادا». بۆیـە وەک ئەو سەرچاوەیەی نزیک لە مێسی دەڵێت «مێسی چاوەڕێی ئەوە دەکات بزانێت مووچـەی نەیمـار و سـوارێز چەنـد دەبێت بەپێی گرێبەسـتە نوێیەکانیان، ئینجـا مەرجەکانی بەسـەر جۆسـێپ ماریا بارتۆمیۆی سـەرۆکی بارسـادا دەسـەپێنێت». هەروەهـا دەشـڵێت «مێسـی دەیـەوێ بارسا گرێبەستەکەی تاوەکو ساڵی 2021 درێژ بکاتەوەو بە مووچەیەکی کەمتر لە 26 ملیۆن یۆرۆی پاک لە بودجە رازی نابێت».

### سەرەتای مەترسییەکە

هەمـوو شـارەزا و چاودێـران لەسـەر ئـەوە کۆکن کە MSN هۆکاری سـەرەکی هێزی یانەی کەتالۆنییە، ئـەوەی زیاتریش هێزی بەو یانەیە بەخشی بوو، باشی پەیوەندی و هەمانگی نێوان 3 یاریزانەکە بوو لە دەرەوەو ناوەوەی یاریگەدا، کـە چەندینجـار ئـەو 3 یاریزانـە دووپاتیـان کردووەتـەوە «ئێمـە لـە دەرەوەی یاریگەش هاوڕێـی یەکدین». هەروەها لەنێو یاریگەشـدا هەرسـێکیان دوور لە گیانی خۆویستی و خۆسەپاندن، بەوپەڕی گیانی هاوکاری یارییان دەکرد، تا ئەو رادەیەی ئەرکی جێبەجێکردنی لێدانی سزایان بۆ یەکدی جێدەهێشت. بۆیە چاودێران دەڵێن «ئەگەر رکابەری نێوان ئەم 3 یاریزانە لەناو یاریگەدا چووە دەروەی یاریگـە، گەورەترین مەترسـی دەبێت بۆ سەر خۆیان ئینجا بۆ یانەکەشیان».



## کێ پاسەوانی لە لیۆنێل دەکات؟

# بۆدی گاردی مێسی بناسە



**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی پشووی هاوینەی لە دورگەی ئیبیزای ئیسـپانی بەسەربردو بۆ ماوەیەک لە جیهانی تۆپی پێ دوورکەوتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ پاسەوانێکی تایبەت برد، بۆ ئەوەی پاسەوانی لێبکات لە مەترسی و سەرکێشی هاندەران.

بۆ ئەم مەبەستە مێسی و بۆدی گاردەکەی لە دەروازەی دورگەی (مارینا) کۆدەبوونـەوە، ئەو شـوێنەی بەلەمە گرانبەهاکان لێی دەوەسـتن، ئەوانەی ئەسـتێرە و مێوانەکان بـەکاری دێنن، چاوەڕێ دەکـەن وێنەیەکی تایبەتی لەگەڵ لیۆ بگرن، بەڵام مێسی شتەکە رەت ناکاتەوە، بە مەرجێک پاسەوانە تایبەتەکـەی لەگەڵی بێت، کە ناوی پاتریک بایاتایە. رۆژنامەی سـپۆرتی کەتالۆنی هەندێ زانیاری لەبارەی ئەو پاسەوانە تایبەتە ناسراوەی، چەندین کەسـایەتی گرنگ و وەرزشی بڵاوکردەوە، ئەرکی پاتریک بایاتا پاراستنی مێسـی و خێزانەکەی بوو بە شـەو و رۆژ، بایاتا پاسەوان و لێکۆڵەرێکی تایبـەت و خاوەن کۆمپانیایەکی تەناهییـە بەناوی P، کە بارەگاکەی لە شـاری دوبەی ئیماراتییە، لقیشی لە شـارەکانی سانت ترۆپیێ، کان، پاریس، دورگەی ئیبیزا، لوس ئەنجلۆس، مۆسکۆ و زیوریخ هەیە.

ئـەو پاسـەوانە لە سویسـرا لەدایکبـووە و خـاوەن رەگەزنامەی ئیتاڵییە، 15 سـاڵە ئەو کارە دەکات، پێشـتر پاسەوانی لە چەندین کەسـایەتی وەرزشـی گرنگ کردووە وەک ئەدریانۆ گالیانی، لویس فیگۆ، فیسنتی دیل بۆسکی و دییێگۆ سیمیۆنی، بێجگە لە چەندین کەسـی بەناوبانگ، لەوانە هەردوو ئەکتەر سیلفسـتەر ستالۆن و جـان کلۆد ڤانـدام، لەگەڵ دێڤید هاسـلهۆف، بێجگە لە بوونی لیۆنێل مێسی لە لیستی سەوداسەرە هەر بەناوبانگەکانی.




ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 409 )
سێشەممە 2016/7/26
58



## ڕاستە

داڤید ئالابای یاریزانی نەماسایی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی، ڕاستی ئەو دەنگۆیانەی دووپاتکردەوە کە باسیان لە ڕەتکردنەوەی گرێبەستێکی گرانبەهای یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی لەلایەن ئەلاباوە دەکراو لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، دوو گرێبەستی ڕیال مەدریدم بۆ هاتووە، بەڵام ڕەتم کردوونەتەوە». ئینجا لە وەڵامی پرسیارێکدا کە چۆن دەتوانی گرێبەستی یانەیەکی گەورەی وەک ڕیال مەدرید ڕەتبکەیەوە؟ ئەلابا گوتی «بۆ ڕەتیناکەمەوە؟! کام یانە لە بایرن میونشن گەورەترە».

### ئەفسانەی پورتوگال لاسایی مارادۆنا دەکاتەوەو پورتوگالییەکان توورە دەکات..

# "ڕۆناڵدۆ هیچ سیفەتی کاپتنی تێدا نییە"

### "ئەگەر مۆرینیۆ ڕاهێنەری پورتوگال بووایە هەرگیز هەڵسوکەوتەکانی فینالی یۆری لە ڕۆناڵدۆ قبوڵ نەدەکرد"

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**


وەک چۆن دییێگۆ مارادۆنای ئەفسانەی ئەرجەنتینی هێرشی کردە سەر لیۆنێل مێسی، ئەنتۆنیۆ سیمۆیسی ئەفسانەی پورتوگالیش هێرشی کردە سەر هاوولاتییەکەی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و دووپاتیکردەوە "کریس هیچ سیفەتێکی کاپتنی تێدا نییە". هەروەها لەوەشی کەمکردەوە کە لەگەڵ (بەرازیلی ئەورووپا) پێشکەشی کرد، لە ڕێگەی بەدەستهێنانی یەکەم نازناوی گەورە لە مێژووی وڵاتەکەی، لە ڕکابەرییەکانی یۆرۆی 2016 لە فەرەنسا.

سیمۆیس، کە ئەستێرەیەکی پورتوگال بوو لە مۆندیالی 1966، ڕەخنەی لە ڕەفتاری ڕۆناڵدۆ لە یۆرۆ گرت، بەتایبەتی لە یاری کۆتایی، ئەوکاتەی دەستی بە فەرمانکردن بە یاریزانان لە سەر یاریگە کرد، وەک ئەوەی یاریدەدەری ڕاهێنەر فیرناندۆ سانتۆس بێت، ئەوەش دوای ئەوەی لە سەرەتای گێمی یەکەم تووشی پێکان بوو. ئەو یاریزانەی پێشوو سەرسوڕمانی خۆی لەو پێداهەڵگۆتنە ئەرێنییەی ڕۆژنامەکانی پورتوگال نیشاندا، لەوەی ڕۆناڵدۆ لە یاری کۆتایی ئەنجامی داوە، دووپاتیشیکردەوە "ئەوەی ڕوویدا تەنیا هەوڵێکی شکستخواردووی ڕۆناڵدۆ بوو، بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرکردایەتی کاپتنیەتی خۆی لە یارییەکە نیشان بدات". ئەو ئەفسانەی پورتوگال جەختی لەوەش کردەوە، هەڵبژاردەی پورتوگال نازناوی یۆرۆی بەدەستهێنا، چونکە لە یاری کۆتایی ئاستێکی باشی پێشکەش کرد، نەوەک لەبەرئەوەی ڕۆناڵدۆ وەستا و لە دەرەوەی یاریگەوە هاواری بەسەر یاریزانەکان کرد، یان بوێری نواند و لە ئەرکی خۆی لایدا و لەسەر هێڵی یاریگە ڕێنمایی یاریزانەکانی کرد. هەروەها گوتیشی "پێدەچێت ڕۆژنامەکان تەنیا ئاگایان لەوە بێت کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ سیفەتی کاپتنی تێدایە.. سەیر لەوەدایە پێش دوو هەفتە مایکرۆفۆنێکی فڕێدایە نێو ڕووبار و ڕەخنەی زۆری لێگیرا، بەڵام دوای بەدەستهێنانی نازناوەکە بووە کاپتنی یەکەمی پورتوگال.. ئەوەی ڕوویدا چاو پۆشینە لە ڕاستییەکان و بڕوانامەی گەمژەییە بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەوە کردووە".

لەلایەکی دیکەوە سیمۆیس پەسنی ڕاهێنەر فیرناندۆ سانتۆسی دا و دووپاتیکردەوە "سانتۆس زۆر بە دانایی مامەڵەی لەگەڵ هەڵسوکەوتەکەی ڕۆناڵدۆ کرد، ڕەوشەکە زۆر خراپ دەبوو، ئەگەر مۆرینیۆ ڕاهێنەری پورتوگال بوایە".

ئەوە جاری یەکەم نییە سیمۆیس هێرش دەکاتە سەر ڕۆناڵدۆ، پێشتریش ڕەخنەی لێگرتووەو بە خۆپەرست وەسفی کردووە، کە بەرژەوەندی خۆی دەخاتە پێش بەرژەوەندی تیپەکەی، ئەوەش هیچ ئەستێرەیەکی ڕاستەقینە لە جیهانی تۆپی پێ نەیکردووە.





# لە پشت پەردەوە

**لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.**

### لیۆنێل مێسی

تەواوی بەسەرهاتەکانی ژیانی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە چەند ئەڵقەیەکدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی (ڕووداوی وەرزشی):

تیتۆ بەپێچەوانەی بینایجیس دەستی بە بەکارهێنانی مێسی کرد وەک سەرەڕم، کە دەکرێت ئەوە بە هەنگاوی یەکەم بەرەو بەکارهێنانی هێرشبەری خەیاڵی دابنرێت، کە ئێستا مێسی داهێنانی تێدا دەکات، کەچی سیسک فابریگاس وەک دروستکەری یاری لە پشت مێسی یاری دەکرد.

ڤیکتۆر فاسکێز، کە لەنێو ئەستێرەکانی ئەو نەوەیە بوو، دەڵێت «پێش تیتۆ بە پلانی 3 ـ 4 ـ 3 یاریمان دەکرد، لیۆ زیاتر لە باڵەکان یاری دەکرد، بەڵام کە تیتۆ بووە ڕاهێنەرمان شوێنی یاریکردنمانی گۆڕی، یەکێک وەک سەرەڕم و یەکێکیش وەکو باڵ، پاشان هەردووکمانی کردە هێرشبەر».

ڤیلانۆڤا دەیزانی شتێکی تایبەتی لەنێو دەستدایە، زۆر بە ڕۆڵی پێشەوایەتی جیرارد پیکێ بۆ کۆمەڵەکە و شەیدایی سیسک و ئازایەتی فاسکێز سەرسام بوو، بەڵام دەیزانی هەبوونی مێسی شتێکی تایبەتە و لەو بارەوە دەڵێت «هەرگیز نەمبینیبوو مێردمناڵێک بەو ڕاددەیە داواکاری لەخۆی هەبێت، هەندێجار یارییەکی نایابی دەکرد و بە پەستی لەخۆی یاریگەی جێدەهێشت، لەبەرئەوەی باوەڕی بەخۆی هەبوو دەتوانێت شتی زیاتر پێشکەش بکات». تیتۆ سەبارەت بە مێسی کە ئەو وەرزە یەکەم نازناوی لە گەڵ تیپی (تازەپێگەیشتووان ب) بەدەستهێنا زیاتر دەڵێت «ڕۆژێکیان پێمگوت من بەهێمنی لەسەر کورسی یەدەگەکان دادەنیشم، بۆ ئەوەی چێژ لەو ئاستە وەرگرم کە پێشکەشی دەکات، ڕاستییەکەی من ڕەنگدانەوەی مارادۆنام تێدا دەبینی». بەپێچەوانەی ئەوەی ڤیلانۆڤا لە پێشەنگی ئەو ڕاهێنەرانە بوو کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر کاروانی مێسی لەگەڵ بارسێلۆنا هەبوو، جیرارد پیکێش ڕۆڵی بەرچاوی لە خۆگونجاندنی لیۆ لەگەڵ کۆمەڵەکەدا هەبوو، ئەویش لە ڕێگەی هەندێ گاڵتەکردن کە تاوەکو ئێستا پێی بەناوبانگە. بۆ نموونە پیکێ دەیزانی لیۆ حەزدەکات یەکەم کەس بێت خۆی بشوات دوای یارییەکان، بۆیە بڕیاریدا گاڵتەیەکی کلاسیکی لەگەڵدا بکات، ئەویش شاردنەوەی هەموو جلەکانی بوو لە شوێنێکی دیکە بێجگە لە جل هەڵواسەری دەرەوەی گەرماوەکان. مێسی هاتە دەرەوە و بە خاولی خۆی پێچابوو و 5 یان 6 یاریزانیش پێدەکەنین، پاشان پیکێ چووە لای و بە پێکەنینەوە پێیگوت «لە کوێوە هاتووی؟ چۆن گەیشتییە ئێرە؟ دەتوانی قسەمان لەگەڵ بکەی ئێمە گازت لێناگرین». شەرمنی و دوورخۆگرتنی مێسی ڕێگەیان پێنەدەدا زۆر قسە لەگەڵ کۆمەڵەکە بکات. زۆر بەکەمی قسەی دەکرد بێجگە لەوەی ئەو لەگەڵ باوکی دەژیا نەوەک لە ئەکادیمیا، وەک یاریزانەکانی دیکەی تیپەکە، بەڵام دوای ئەو گاڵتەیە مێسی زیاتر تێکەڵاوی کۆمەڵەکە بوو. دوای ئەوە هۆکاری سەرەکی چوونی مێسی بە نێو کۆمەڵەکە، ئەو گەشتە بوو کە تیپی تازەپێگەیشتووان بۆ یاریکردن لە پاڵەوانیەتی (مایستەریلی) دۆستانە لە شاری پیزای ئیتاڵی ئەنجامیدا، کە لیۆی تەمەن 14 ساڵان بە دریسی ژمارە 14 توانی نازناوی گۆڵکار و باشترین یاریزانی خولەکە بەدەستبێنێت، دوای بردنەوە لە پارما لە یاری کۆتایی بە 2 گۆڵی خاوێن. لە میانی ئەو گەشتەدا گاڵتەکردنەکانی پیکێ وەستانیان نەبوو، ڤاسکێز لەم بارەوە دەڵێت «لە ڕۆژی یەکەم یان دووەمی گەشتەکەدا پیکێ هەموو شتەکانی مێسی لە ژوورەکەی دزی، وەک جلوبەرگ و ئامێری پلەیستێشن، دۆڵابەکەی بەتاڵ کرد و هەموو شتەکانی لە ژوورێکی دیکە شاردەوە، مێسی داماو چووە ژوورەکەی بۆ ئەوەی نان بخوات و هەندێکیشمان لەدواوەی بووین، بێئەوەی ئاگای لێمان بێت، گەیشتە ژوورەکەی و دەستی بە گریان کرد و گوتی «هەموو شتەکانمیان دزیوە، هیچ شتێکم نەماوە، نە مۆبایل و نە پلەیستەیشن». دواتر لیۆ زانی گاڵتەیە و بڕیاریدا زیاتر بێتە نێو کۆمەڵەکەوە، ڕاستە هیچ شتێکی سەرشێتانەی نەدەکرد وەک پیکێ، بەڵام بۆ نموونە ماوە ماوە چەتاڵی یەکێکی لە چێشتخانە یان کوپی ئاوی لە یەکێک دەبرد. هەرئەوەندە و بەس».





بەر لە ئە...
زلاتا...
ش...

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

زلاتان ئیبراهیمۆڤچی، ئەستێرە...
یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلی...
لەگەڵ یانە نوێیەکەی ئەنجام بدات،...
یانەکەشدا سەپاندووەو دەیەوێ وە...

ڕێژەی فرۆش

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



ڕۆناڵدۆ ڕۆژانە خۆی زۆر ماندوو دەکات و بەردەوام مەشق دەکات بۆ ئەوەی بە یاریزانێکی گەورە بمێنێتەوە، بەڵام مێسی مرۆڤ نییە

داڤید ئالابا
(یاریزانی یانەی بایرن میونشن)



کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەبووە یاریزانێکی باشتر لەوەی ئێستا ئەگەر مۆرینیۆ ئەو 3 ساڵەی لەگەڵ ڕیال مەدرید ڕاهێنەری نەبووایە

سیزار مینۆتی
(ڕاهێنەری ئەفسانەیی ئەرجەنتین)




شێتن ئەوانەی دەڵێن ڕۆناڵدۆ لەبەر باڵۆن دۆر دەیەوێ یاری سوپەری ئەورووپا بکات، چونکە ئەو بەبردنەوەی چامپیۆنسلیگ و یۆرۆ خەڵاتەکەی مسۆگەر کردووە

ئەلفرێدۆ ڕیلانۆ
(سەرنووسەری ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی)



جیاوازی من و سیمیۆنی ئەوەیە کە ئەو بۆ کۆکردنەوەی پارە بایەخی بە ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین نەدەدا، بەڵام من بایەخ بە پارە نادەم

دیێگۆ مارادۆنا
(ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتین)



لە ڕاستیدا نێوانی یۆڤی و ناپۆلی زۆر ناخۆشە، پەیوەندی نێوانمان وەک پەیوەندی نێوان سەگ و پشیلەیە

ئۆریلیۆ دی لۆرێنتس
(سەرۆکی یانەی ناپۆلی)



من زۆر بە باوکم دەچم، هەمان عەقڵ و مەزاجی ئەوم هەیە، ڕاشکاوانە قسە دەکات و شەرم لە کەس ناکات، هەندێجاریش زمان پیسە، زۆرجار شەڕمان کردووە

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(هێرشبەری یانەی مانچستەر یونایتد)





## زۆر نایابە

میرالیم بیانیچی یاریزانی پێشووی یانەی ڕۆمای ئیتاڵی، کە ئێستا چووەتە ریزەکانی یانەی یوڤانتۆس، سەرسامبوونی خۆی بە پاولۆ دیبالای یاریزانی ئەرجەنتینی ئەو یانەیە نیشانداو رایگەیاند ئەو یەکێکە لە باشترین ئەو یاریزانانەی تاوەکو ئێستا یاری لەگەڵ کردوون، هەرچەندە تەنیا چەند یارییەکی دۆستانەیان پێکەوە کردووە. بیانیچ لەبارەی دیبالاوە زیاتر گوتی «خۆشحاڵم کە بوومەتە هاوڕێی یاریزانێکی زۆر نایاب، بەڕاستی متمانەم بەوە هەیە کە بە هاوکاری دیبالا کاری گەورە بۆ یوڤانتۆس دەکەین».

### فەلسەفەی ئەنچیلۆتی زۆر جیاواز دەبێت لە فەلسەفەی گواردیۆلا..

# بایرن بە 10 هێرشبەر و 10 بەرگریکار یاریدەکات





**رەمزی میرەکانی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

دوای ماوەیەکی کەم لە وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەری یانەی بایرن میونشن، جیاوازی روون لە نێوان ئەنچیلۆتی و گواردیۆلا دەردەکەوێ، هەرچەندە ئەنچیلۆتی بەڵێنی داوە لەسەر هەمان رێچکەی گواردیۆلا بەردەوام بێت و شۆڕش لە میونشن بەرپا نەکات.

«لێرە نیم بۆ ئەوەی شۆڕش بەرپا بکەم»، ئەوە گرنگترین لێدوانی کارلۆ ئەنچیلۆتی بوو، لە یەکەم کۆنگرەی رۆژنامەوانی کە یانەی بایرن میونشن، چەند هەفتەیەک پێش ئێستا، بۆ پێشکەشکردنی راهێنەرە تازەکەی ئەنجامدا. ئەوەش ئاماژەیەکی ئەنچیلۆتییە، بەوەی ئەو شتە کۆتایی پێناهێنێت، کە گواردیۆلا بنیاتی ناوە لە ماوەی ئەو 3 ساڵەی لە بایرن بوو، بەڵکو کار لەسەر گەشەپێکردنی دەکات.

هەرچەندە لێدوانەکەی ئەنچیلۆتی روونە، کەچی سەرەداوی جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕاهێنەر، دوای ماوەیەکی کەم خەریکە دەردەکەوێ. لەوانەیە ئەوە شتێکی لۆژیکی بێت، لەبەر ئەو جیاوازییەی لە بنەڕەتەوە لەنێوان سروشتی ئەو دوو پیاوەدا هەیە:

> «راهێنەر مەشقەکانی ئاسان دەکات و کاپتنیش یاریزانەکان سزا دەدات»

> «ئەنچیلۆتی بەپێی پێوەرەکانی رۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی هەڵسەنگاندن بۆ یاریزانەکانی دەکات»

ئەنچیلۆتی ئارامە و زۆر بەکەمی هەستەکانی خۆی دەردەخات، گواردیۆلاش هەڵچووە و بەبێ وەستان لەسەر هێڵی یاریگە دێت و دەچێت.

### مەشقەکانی ئاسانترن

ئەوەی شارەزایانی وەرزشی سەرنجیان داوە، ڕاهێنانەکان بە سەرپەرشتی ئەنچیلۆتی لە جاران ئاسانتر بووە و ماوەی پشووی کەمی تێدایە. پێدەچێت ئەنچیلۆتی بەپێچەوانەی پیپ گرەو لەسەر، ئاسانکردنی شێوازی یاریکردن بکات لەگەڵ چاوخستنە سەر لایەنی بەرگری، بە پلەیەکی بەرزتر لەوی پێشە خۆی، بەڵام گرەویش لەسەر برەودان بە پلانی یاریکردنی روون و رێکخراو دەکات. خەمی ئەنچیلۆتی لەو قۆناخە بەهێزکردنی گیانی تیپەکەیە، ئەوە مانای وانییە بایرن کێشەی ناکۆکی یاریزانەکانی هەبێت، نا هەرگیز، بەڵام ڕاهێنەری تازە دەیەوێ پەیوەندییان بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی یاریزانەکانی بەو شێوەیە ببێنێت کە هیوای بۆ دەخوازێت «هەموو رابکەن و هەوڵ بدەن پشتیوانی لەیەکدی بکەن، چونکە کلیلی سەرکەوتن بنیاتنانە». ئەنچیلۆتی دەڵێت «لە هەموو یارییەکانماندا کاتێک تۆپ لای ئێمە بێت بە 10 یاریزان هێرش دەبەین، کاتێکیش تۆپ کەوتە دەست تیپی بەرامبەر بە 10 یاریزان بەرگری دەکەین». لێرەدا جیاوازی گەورە لە نێوان ئەنچیلۆتی و گواردیۆلا دەردەکەوێ، کە لە فەلسەفەکەیدا کەمتر پشت بە گیانی تیپ و پەیوەندی نێوان یاریزانەکان دەبەستێت، بە گوێرەی وتەکانی رۆژنامەنووس مایک رۆسنەر لە پێگەی تۆڕی راگەیاندنی ئەڵمانی (ZDF).

### دیسپلین لە پێشەوەیە

یەکێک لەو شتە تازانەی ئەنچیلۆتی سوورە لەسەر ئەوەی، لەگەڵ تیپە تازەکەی بیهێنێتە کایەوە، هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆیەتی لەسەر یاریزانەکان بەشێوەی خول، بەتایبەتی ئەستێرەکان، بە گوێرەی گوتەکانی ئەنچیلۆتی لەگەڵ پێگەی شپۆرت بیلدی ئەڵمانی. ئەنچیلۆتی گوتی»چاوەڕێی شتی زۆر لە یاریزانەکان دەکەم، دوای هەر یارییەک خۆم ئاستیان هەڵدەسەنگێنم، ئەو هەڵسەنگاندنەش بێجگە لە خۆم کەس نایبینێت، هەتا یاریزانەکانیش ناتوان سەیری بکەن». ئەو هەڵسەنگاندنەش بە گوێرەی گوتەکانی ئەنچیلۆتی، بریتیە لە چەند ژمارەیەک کە بەسەر یاریزانەکان دابەشی دەکات، پلەکانیشی لە نێوان یەک (زۆر باشە) تاوەکو 10 (زۆر خراپە)یە، ئەوەش بە گوێرەی ئەو پێوەرانەی رۆژنامەی (لاگازیتا دیلۆ سپۆرت)ی ئیتاڵی پەیڕەوی دەکات، کە بەشێوەی خول دەیدات بە یاریزانانی کالچیۆ. هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو ئەنچیلۆتی دیسپلینی کردووەتە پێشنۆرەی شتەکانی و لەم بارەوە گوتی «من بۆ نموونە حەزناکەم یاریزانەکان لە کاتی دیاریکراو دوابکەون، ئەوە بەسەر هەموو ئەندامانی دەستەی هونەریش دەسەپێت، بەڵام حەز لەوەش ناکەم راهێنەر یاریزانەکانی سزا بدات، چونکە راهێنەر یاسا دادەنێت و یاریزانەکان دەبێت خۆیان میکانیزمی چاودێری بگرنە ئەستۆ». مانای وایە ئەرکی چاودێری دەکەوێتە ئەستۆی کاپتنی تیپەکە فیلیپ لام، کە دەبێت (داوا لەهەر یاریزانێک بکات لە راهێنانەکان دوابکەوێت، برە پارەیەک بداتە گەنجینەی گشتی یاریزانەکان).

بۆ ئاماژە پێکردن ئەنچیلۆتی ئەو شێوازەی لە چەندین یانەی پێشوو کە راهێنەریان بووە پەیڕەوی کردووە، بایرن موینشنیش دەبێتە گۆڕەپانی تازەی ئەنچیلۆتی، بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتە توندەکەی.



### ڕۆناڵدۆ، ڕۆناڵدینهۆ و کاکاش بەو ڕێگەیە دەرەوشاونەتەوە..

# نەیمار چۆن بووەتە ئەستێرە؟

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

ئەلیساندرۆ رۆزا ڤیێرا، کە بە فالکاو بەناوبانگە، ئەستێرەی تۆپی نێو هۆڵەکانی بەرازیلە، دووپاتی دەکاتەوە تۆپی پێی نێو هۆڵەکان، باشترین فاکتەری گەشەکردنی بەهرەی نەیمار دا سیلڤای، ئەستێرەی بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی سیلیساوەو دەڵێت «ڕۆناڵدۆ و ڕۆناڵدینهۆ و کاکاش بەهۆی ئەو یارییە بوونەتە ئەستێرە».

فالکاو لە لێدوانێکیدا، کە پێگەی GOAL گواستوویەتییەوە، دەڵێت «تۆپی پێی نێو هۆڵەکان زۆر یارمەتی نەیماری داوە، پەرە بە بەهرەکانی بدات، نەیمار بەتەنیا نییە، بەڵکو ڕۆناڵدۆ، ڕۆناڵدینیۆ و کاکاش، چونکە تۆپی پێی نێو هۆڵەکان، بەردی بناغەی تۆپی پێی بەرازیلە و قوتابیانیش لە قوتابخانە ئەنجامی دەدەن». هەروەها گوتیشی «کە تەمەنت دەگاتە 12 یان 13 ساڵی بڕیارێک دەدەی، یان لەسەر یاریکردنی تۆپی پێی نێو هۆڵەکان بەردەوام دەبیت، یان تۆپی پێی ئاسایی، من بڕیارمدا بەردەوام بم، کەچی هەندێ ئەستێرە ڕێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر و بڕیاریاندا بۆ ئەنجامدانی یاری تۆپی پێی بچنە یاریگە گەورەکان».

فالکاو، لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت «نەیمار نزیکترین هاوڕێمە و بەردەوام لەگەڵ یەکدی قسە دەکەین، چەندینجار لەبارەی خولی نایابی هند پرسیاری لێکردووم، کە من لەگەڵ هەندێ ئەفسانەی تۆپی پێ تێیدا بەشدارین».

فالکاوی تەمەن 39 ساڵان، یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی تۆپی پێی نێو هۆڵەکان لە جیهاندا، ساڵی 1989 دەستی پێکرد و یاری بۆ چەندین یانەی بەرازیلی بەناوبانگ کردووە، وەک ساوپاولۆ، کۆرینسیانز و ئەتلەتیکۆ مینیرۆ.

### داعشەکانی بەرازیل چاوەڕێی هەڵکردنی (گڵۆپی سەوز)ی لێدەکەن..

# ئەبوبەکر بەغدادی پلانی بۆ ئۆلۆمپیاد داناوە



**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

لە بەرازیل گرووپێک راگەیاندراوێکیان بەناوی رێکخراوێکی تازە بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا باس لەوە دەکەن، بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی رێکخراوی داعش داوەو دەڵێن «بۆ هەر چالاکییەک فەرمان لە بەغدادی وەردەگرین».

پێگەی سایتی ئەمریکی تایبەت بە بەدواداچوونی هەواڵی بزاڤە تیرۆریست و توندڕەوەکان، هۆشداری دەداتە دەزگا ئەمنییەکانی بەرازیل و دەڵێت «گرووپێکی نەناسراو هەیە لە بەرازیل، کە بەیعەتی بە داعش و سەرۆکەکەی داوە».

پێگەکە باس لەوە دەکات، ئەو گرووپە کە ناویان لە خۆیان ناوە (شوێنکەوتووانی خەلافەت لە بەرازیل)، راگەیاندراوێکیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاوکردووەتەوە و تێیدا بەیعەت بە داعش و سەرۆکەکەی دەدەن، ئەوەش چەند رۆژێکی کەم پێش دەستپێکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپیاد لە بەرازیل، دوای هۆشداری زیاتر لە بارەی هێرشی تیرۆریستی پێشبینیکراو، لە وڵاتانی ئەمریکای باشووردا.

ئەو گروپە نەناسراوە لەسەر پێگەی (تیلگرام) لە ئینتەرنێت، کە توانای بەکۆدکردنی راگەیاندراو و زانارییەکان دەبەخشێت، راگەیاندراوێکی بەناوی رێکخراوە تازەکە بڵاوکردووەتەوە، تێیدا دەڵێن بەیعەت بە ئەبوبەکر بەغدادی سەرۆکی داعش دەدەن و پابەندی فەرمانەکانی دەبن، ئەوەش بە مەترسییەکی تەناهی بۆ سەر یارییەکانی ئۆلۆمپی لە بەرازیل دادەنرێت، کە وا بڕیارە لە 5 تاوەکو 21ی ئاب لە ریودی جانیرۆ بەڕێوەبچێت. کە هەندێک لە چاودێران ئەوە بە دوور نازانن بەغدادی و چەکدارە تیرۆریستەکانی پلانێکیان بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی لە ئۆلۆمپیادی ریۆ دی جانیرۆ دانابێت.






## سەیرە

ماڵپەڕی فەرمی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی گرتەیەکی ڤیدیۆی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەردەکەوێت یەکێک لە یاریدەدەرانی زەینەدین زیدانی راهێنەری یانەی شاهانە بەشێوەیەکی سەیر دەست لە پێڵاوی کەریم بنزیمەی هێرشبەری یانەکە دەدات. ئەو یاریدەدەرە لەو بارەوە روونیکردەوە کە ئەو کارەی لەسەر داوای خودی یاریزانەکە بووە، چونکە وەک خۆی گوتی «بنزیمە پێیوایە دەستی من بەرەکەتی بۆ ئەو هەیە و بەر لە هەر یارییەک دەست لە پێڵاوەکەی بدەم گۆڵ تۆماردەکات».



رێبوار محەممەد

# مێرکاتۆی هاوینە..
# بازاڕێکی سەیر

کاتێک دەڵێم مێرکاتۆی ئەمساڵ بازاڕێکی سەیرە، ناهەقم مەگرن، لە بازاڕی ئەمساڵدا هەموو شت گۆڕاوە، ئەوەشی بە پلەی یەکەم ئەو گۆڕانکارییەی دروستکردووە بەبڕاوی من ئینگلیزەکانن.

یانە ئینگلیزییەکان، ئەوانەی لە پریمەرلیگدا بەشدارن. ئێستا هیچ کامێکیان ساڵانە لە 50 ملیۆن پاوەند کەمتریان لە داهاتی پەخشی تەلەڤزیۆنی یارییەکانیانەوە پێنابڕێت، بۆیە ئیدی نەخشەی تۆپی پێ لەو مەملەکەتە کە بڕیاریداوە لە یەکێتی ئەوروپاش بێتە دەرەوە، گۆڕانی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت و لە ساڵەکانی داهاتوودا ئەوە زیاتریش بەرجەستە دەبێت.

راستە هێشتا هیچ گرێبەستێکی فەلەکی لەو خولەدا روویندداوە و ئەگەر هەیە پۆل پۆگبا بە 120 ملیۆن ئەوە بشکێنێت، بەڵام یانە ئینگلیزییەکان بازاڕیان گەرمکردووە. گەرمکەری یەکەمیش چێلسی و مانچێستەر یونایتدن، دوای ئەوانیش بێگومان مانچێستەر سیتی و ئینجا، لیڤەرپوول و پاشان ئەوانیدیکە بە ئارسیناڵیشەوە.

کە دەڵێم ئینگلیزەکان، بەڵگەم پێیە. وەرزی رابردوو هەموو خولی ئینگلیزی بایی 822 ملیۆن و نیو گرێبەستیکردووە، ئێستا وەک رۆژنامەی گاردیان دەڵێ، ئەو ژمارەیە لە لێواری شکاندایە و ئەم هاوینە کە هێشتا نزیکەی 40 رۆژ گواستنەوەی لەبەردەمدا ماوە، گرێبەستی گەورەتر بەخۆوە دەبینێت. ئاخر هێشتا تۆتێنهام، ئارسیناڵ لە پاش شاکاوە و ئیڤێرتۆنی داڤید مۆیس و سیتی گواردیۆلا لە دوای گۆندۆگان و نۆلیتۆوە و چێلسیش لە دوای کانتێوە نەجوڵاوە، چەندین یانەی دیکە شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە.

هاوینی رابردوو تەنیا 5 گرێبەست بەهاکانیان لەسەرووی 30 ملیۆن پاوەندەوە بوو، ئەمساڵ هێشتا هیچ نەبووە چەندین گرێبەستی لەو بەهایە گرانتر روویانداوە یان نزیکن لە روودانەوە.

ئەمە سەیرییەکی لە بازاڕدا دروستکردووە و سەیرییەکە پەڕیوەتەوە وڵاتانی دیکەش.

لە ئیتاڵیا یۆڤینتۆس لە هەمووان چالاکترە، هیگواین بۆمبی هاوینەیە و یۆڤی بۆ خۆپاراستن لە بێنە و بەرەی دی لاورێنتسی سەرۆکی ناپۆلی، پەنای بردە بەر شکاندنی مەرجی سزایی شکاندنی گرێبەستی ئەو یاریزانە کە 94 ملیۆن یۆرۆیە، ئەمە جیا لە پیانیچ، بن ئەتییە، ئەلڤێش و رۆیشتنی مۆراتا و کوادرادۆ.

لە ئیسپانیا نەهەنگەکەی ساڵانی پێشوو کە ریال مەدریدە هێشتا بێدەنگە، پێدەچێ زیدان کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی سەرۆکی یانە دانابێت و هێشتا ئەو یانەیە جگە لە گێڕانەوەی هەندێک یاریزانی خواستراوی خۆی لەلایەن یانەکانی دیکەوە شتێکی ئەوتۆی نەکردووە. بێگومان ئەمەش سەیرە..

رکابەرەکەی ریال کە بارسیلۆنایە، چالاکترینی ئیسپانیایە. ئۆمتیتی، دینیس سوارێز و ئاندرێ گۆمێش و هێشتا ڤیتۆ و گامیرۆش لە رێگان. ئەگەر پاڵەوانیەتییە ئەوروپییەکان شوێنی دەرکەوتن و درەوشانەوەی یاریزانان و بوونە سەرنج بن لای یانەکان، یۆرۆی 2016 شتێکی ئەوتۆی لە درەوشانەوەدا بە گۆمێش نەسپارد، بەڵام ڤالێنسیا 60 ملیۆنی لێوە بەدەستهێناوە. بێگومان ئەمەش جێگەی سەرنجە.

ئێستا بازاڕەکە بەشێوەیەکی گشتی روو لە سەیرییە، ئەو سەیرییە زۆر زیاتر دەبێت و دەبێتە مایەی سەرسوڕمان، ئەگەر پۆگبا روو لە یونایتد یان ریال بکات، ئاخر سەیرە یاریزانێکی ئاست مام ناوەند، لە یۆڤینتۆس و لە هەڵبژاردەی فەرەنساش، نرخی بگاتە سەرووی سەد ملیۆن یۆرۆ. پۆل سکۆڵز ناهەقی نەبوو بڵێ تەنیا ئەو یاریزانەی لە وەرزێکدا 50 گۆڵ تۆمار دەکات شایستەی ئەو پارەیەیە، ئەوانیش مێسی و رۆناڵدۆن.

بۆیە ناهەقی منیش نییە ئەگەر بڵێم مێرکاتۆی ئەمساڵ بازاڕێکی سەیرە.

# THE ROCK دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا



**رووداوی وەرزشی ـ DW**

دوین دۆگلاس جۆنسۆن، ئەستێرەی زۆرانبازی ئازادی ئەمریکی، کە بە THE ROCK ناسراوە، دەیەوێ خۆی بۆ سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاندید بکات و لەو بارەوە دەڵێت «من دەمەوێ ببمە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گاڵتە ناکەم و قسەکانم بە جددی وەربگرن».

ئەو زۆرانبازە ئەمریکییە، کە بەهۆی نمایشەکانی لە وەرزشی زۆرانبازیدا بووەتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر لەو وڵاتە و لەسەرانسەری جیهانیشدا، لە تویتەرەکەی خۆیدا گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە هەڤپەیڤینەکەی خۆی لەگەڵ بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی «گود مۆڕنینگ ئەمریکا»دا بڵاوکردەوە، کە تێیدا دەڵێت «دەمەوێ خۆم بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا کاندید بکەم». ئەو لە تویتەردا دووپاتی دەکاتەوە کە گاڵتە ناکات و زۆر جددییە لە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوە و نووسیویەتی «بەڕاستی من دەمەوێ ببمە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گاڵتە ناکەم و قسەکانم بە جددی وەربگرن».

دوین جۆنسۆن، هەروەها لەو بارەوە دەڵێت «زۆر لەمێژە بیر لەم کارە دەکەمەوە، گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە بیرۆکەیەکی زۆر باشەو بەڵێن و پشتیوانیشم لە جەماوەرێکی زۆر وەرگرتووە، بۆیە دەمەوێ بەجددی ئەو هەنگاوە بنێم».

## پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555




براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

پشتیوان رەمەزان لە بارزان

بە لێدوانی:

( پەڕەمووی کەڵەشێری فەرەنسیمان لێکردەوە )

## S LOTTO
## پەنجاهەمین پێشبڕکێ

ژمارە (409) سێشەممە 2016/7/26

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان
1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..................................................

مۆبایل : ..................................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەرێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە